# یەعقوب محەمەد دەوف: بەشێکی زۆری کوردستان ناوچەی دابڕاوی ئازەربایجانە




یەعقوب محەمەد دەوف سەرۆکی ئەم ئەنیستیتۆیە رایگەیاندوە کە: ئەم ئەتڵەسە خاکی ئەسڵی ئازەربایجان پیشان دەدات کە لە سەراسەری مێژوو دا لەسەر بنەمای چەند بڕیارێکی نارەوا لە وڵاتی ئازەربایجان جیاکراوەتەوە، پاشان زێدە دەکا و دەڵێ: ئەم ئەتڵەسە بەم زوویانە دەخرێتەسەر زمانی رووسی و بریتانی و لە سەراسەر جیهان دا بڵاودەکرێتەوە.

شایەنی باسە ئەمە یەکەمین و ئاخرین جار نییە کە ئازەربایجان(بە وڵاتی ئازەربایجان و حیزبەکانی ئازەربایجانی سەر بە ئێران) باسی بەشێکی زۆری کوردستان وەك ناوچەی دابڕاوی ئازەربایجان دەکەن، لە ئەتڵەسی پێشوویان دا باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان تا دەریاچەی وان دەکەوتە بەر ئەو ئەتڵەسە و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر لە شارەکانی خۆی و ماکۆ و سەلماس و مەهاباد و بۆکان و تا شارەکانی جوانرۆ و پاوەی دەگرتەوە.

ئەنیستیۆتی مێژوویی نەتەوەیی ئازەربایجان ماوەیەك پێش لە ئێستا ئەتڵەسێکی نوێی دارشتووە کە لەم ئەتڵەسە دا بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی (رۆژهەڵات و باکووری کوردستان) لە خۆ گونجاندوە و ئەم ئەنیستیتۆیە بەخاکی بابوباپرانیان ناوی لێکردوە.

هیوای نوێ بڵاوکراوەیەکی سیاسی – گشتییە
ئۆرگانی راگەیاندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: ئۆرگانی راگەیاندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان

سەرنووسەر: ئاسۆ باوەجانی
ئیمەیل: aso_bawecani@yahoo.com
مۆبایل: 009647701959345 - 009647702245205

ئیمەیلی هیوای نوێ: hiwai_nwe@yahoo.com

هیوای نوێ لە سەر ئەم ماڵپەڕە بخوێنەوە: www.ydkurdistan.com

ئامادەی ناردنی بابەت و رەخنە و پێشنیارەکانتانین

# نووسەرێکی ئیسرائیلی پەرتووکێك لەسەر کورد دەنووسێت

ئەلیعەیزەر غەیزی تسافریر نووسەرێکی ئیسراییلە کە لە ساڵی 1965تا ساڵی 1975 سەرۆکی بەشی کوردستان بووە لە دەزگای سیخوڕی موسادی ئیسراییل، ئەلیعەیزەر باوکی هەولێرییەوە و خوی بەدۆستی کورد دەزانێت.

بەرادەرەکانی بە کاکە غازی بانگی دەکەن و خۆشی لەسەرەتای ئیمەیلەکانیدا دەنووسێ ئەزیرم و لە کۆتاییشیدا بە غازی ناوی خۆی دەنووسێ.

" من کورم" ناوی ئەو پەرتووکەیە کە ئەلیعەیزەر لە بارەی بیرەوەری و یادگارییەکانی خۆی لە شۆڕشی کورددا نووسیویەتی.

ئەم پەرتووکە نهێنییەکانی زۆر گرنگی ئەو سەردەمەی شۆڕش دەگرێتەوە، ئەو کاتانەی چەندین جار هاتۆتە کوردستان و بارزانی بینیوە و تەنانەت لەگەڵ پێشمەرگەدا بەجلی پێشمەرگایەتییەوە ژیاوە، ئەم پەرتووکە بە عیبری نووسراوە و راستەوخۆ بە کوردی وەردەگێردرێت، ئەم پەرتووکە لە حەوت بەش پێکهاتووە.

بەشی دووهەم تایبەت بە بەشدرایکردنی مەلا مستەفا بارزانی لەکۆماری کوردستان و شەڕی ئەو هەڤاڵانەی کە لەگەڵ هێزەکانی هەر سێ وڵاتی ئێراق و ئێران و تورکیا کردویانە تا گەیشتن بە سۆڤییەت و ئەو سەردەمە کە لەو وڵاتە بۆ ماوەیەك مافی پەنابەرێتییان پێ درا.




# ناوی ئێران لە سرویسگەلی یاهو و مایکرۆسۆفت سڕایەوە

پاش ئەوەی ئاژانسی دەنگ وباسی رێجێستری بریتانیا لە سەر زاری وتەبێژی کۆمپانیای یاهو بڵاوکردەوە کە ناوی ئێران لە سرویسگەلی ئینتەرێتی یاهو و مایکرۆسۆفت سڕاوەتەوە هۆکاری سەرەکی ئەم سڕینەوەی گوشاری گەمارۆکانی یەك لایەنەی ئامریکا دژ بە ئێران باس کرد کە بەم شێوەیە ناوی ئێران لە پێرستی سرویسگەلی ئینتەرێتی یاهو (Yahoo) و هاوتمایل (Hotmail) سڕایەوە.

ئەم بەپرسی کۆمپانیای یاهوە زێدەی کرد کە بە پێی ئەم یاسایە ئێمە توانایی ئەوەمان نییە کە ئێزن بە تەبەعەکانی ئەو وڵاتە بدەین کە لە سایتی یاهودا ناونووسی بکەن ، بەم شێوەیە کەسێك ناتوانێ ناوی ئێران لە سرویسگەلی ناونووسی ئیمەیل ببینێتەوە چونکو ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئێران دا کاروباری تیجاریمان هەبێ.لە هەمانکاتدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هیچ روونکردنەوەیەکی لەم بارەوە پێشکەش نەکردوە.




بە پێچەوانەی ئەو دوو کۆمپانیایە ، کۆمپانیای " گوگل" هێشتا ناوی ئێرانی نەسڕیوەتەوە و رایگەیاندوە کە ئەم ئابلۆقەگەلە نابێتە هۆکارێك تا ئێمە ناوی ئێران لە بەشی خزمەتگوزارییەکانی ئەم سایتە واتە (Gmail) بسڕینەوە.

# مەزنترین گێژەڵووکەی دەسکردی مروڤایەتی



لە موزەی بێنز لە شاری ئێشتوتگارتی وڵاتی ئاڵمانیا تاقیگەیەك هەیە کە لەوێ دا گەورەترین گێژەڵووکەی دەسکردی مرۆڤایەتی بەرهەم هاتووە،پاش ئەوەی کە کارناسانی ناوەندی نووسینی رێکۆردەکانی "گینس" چاودێری و تاقیکردنەوەی پێویستیان ئەنجام دا و ئەو تاقیکردنەوەیە پەسەند کرا ئەم گێژەڵووکە بە ناوی گەورەترین گێژەڵووکەی دەسکردی مرۆڤایەتی لە نێو کتێبی گینس دا نووسرا.

بەرزایی ئەم گێژەڵووکە دەگاتە 34,43 کە لە ماتۆڕی جێتەوە بەرهەم دێت، ئەم جۆرە ماتۆڕانە لە ماوەی نێوان 7 دەقیقە دا 28 تۆن هەوا بە یارمەتی دروست کردنی بۆشایی لە ژێر گوشارێکی کەم دا لە لای خواروی گێژەڵووکەکە بەنیسبەت بەرزایی سەرەوەتر ساز دەکەن بەرهەم دێنێ.

ئەم دیاردەی مەزنە بە مەبەستی رزگارکردنی گیانی خەڵك لە کاتی ئاگرتێبەربوون دا سازبووە تا لەکاتی رووداني رووداوێك بۆ بینەران ئەو موزەیە کە لەژێر کاریگەری دوکەڵ و مەوادی ژەهراوی تووشی خنکان بێن بەرگری بکات. هەڵسووڕێنەری ئەم موزەیە دەڵێ: ئەم بۆچوونەی کارناسان لەسەر ئەمنییەت و تەندروستی خەڵك کەوتۆتە قۆناغی جێبەجێ کردن و زۆر بە لامانەوە گرنگە.

شایەنی باسە ئەم موزەیە لە مانگی مەیی ساڵی 2006 دەستی بەکارکرد و لەو بەرووارەوە بەم لاوە ئۆتۆمۆبیلی مۆدێلی بێنز پیشان دەدرێ.

# دکتۆرێکی کورد دڵێکی دەسکردی بەرهەم هێنا



دکتۆرێکی کورد لە زانکۆیەکی سوید، دڵێکی دەسکرد و ئامێرێکی دوورینەوەی نەشتەرگەری دروست کردوە کە گرنگتر لەوە مافی داهێنانی ئەم هەنگاوە زانستییەشی پێ دەبەخشرێت.

ئازاد نەجار دکتۆرێکی کوردی خەڵکی شاری زاخۆی باشووری کوردستانە کە لە ساڵی 1992 کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی مووسڵ تەواو کردوە.

دکتۆر ئازاد لەبارەی ئەو داهێنانەی خۆیەوە بەم شێوەویە دەدوێت: دڵێکی میکانیکیم داهێناوە کە توانایی هەیە لە کاتی پێویست دا جێگەی دڵی سروشتی مرۆڤ بگرێ و زۆر بە سانایی بەکاری بهێنێت، ئەم دڵە هەمان قەبارەی دڵی سروشتی هەیە، بەڵام کەمێك قورستر و رەق و وشکە، لە **تیتان و بریۆلیتان** پێکهاتووە، دڵی سروشتی 300 گرەمە و ئەم دڵە نزێك 900 تا 1000 گرەمە، جیاوازی ئەم دڵە دەسکردە لەگەڵ ئەو دوودڵەی دیکەیە کە لە ئامریکا دروست کراوە ئەوەیە کە ئەمەیان بچوکە و بە باتری ئیش دەکات. ئۆتۆڕیگلێرینگی تێدایە واتە لەش دەتوانێت بۆ ناردنی خوێنی پێویست لە یەك لیتر تا 12 لیتر لە هەر خولەکێك دا کۆنترۆڵی دڵ بکات، کەچی ئەوانی تر کە لە ئامریکا دروست کراون نەخۆش بە ئامێرێکی گەورە گرێدراو دەکات .



لێکۆلەران تەکنیکێکی نوێیان پێشکەش کردوە کە بە کەڵك وەرگرتن لە لەیزێر دەتوانن باکتری و ویروسەکانی هەڵگری نەخوشی بکوژن لەوانە ویروسی پۆزێتیڤی (HIV) ، بەم شێوەیە بێ ئەوەی کە زیانێك بە سلولەکانی جەستەیی بگەیەنێ لە ناو دەدچن.

ئەو تەکنیکی لەیزێرییەی کە ئێستا کەڵکی لێوەردەگیرێ زۆر جار زیان بە DNA دەگەیەنێ و تەنانەت دەبێتە هۆی دروست بوونی شێرپەنجەی پێست.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەساسی کەڵك وەرگرتن لە پالس گەلی لەیزێری فمتۆسکەند کە لە رێگەی پرۆسەیەکەوە بە ئەنجام دەگات لە درێژەی لەرزەلەرزێکی خێرا و کوشندە کە لە بەشی پرۆتێینی میکرۆئۆرگانیزم گەلی مەترسیدار و نەخۆش دروست دەبێ لەم پرۆسەیە دا لەرزەلەرزەکان میکرۆئۆرگانیزمە نەخۆشەکان دەکوژن بەم شێوەیەش دەتوانین وەك هۆکارێکی دژە ئیلتیهاب لە خوێن و نەخۆشییەکانی خوێنی کەڵکی لێوەربگرین.



لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی بەرەنگاربوونەوەی بەرەڵڵایی لە شاری تاران و شارەکانی تری ئێران ژمارەی ئەو کەسانەی لەم هەڵمەتەدا دەستگیرکراون یا خراونەتە بەر لێپرسینەوە لە سنوری 1 میلیۆن و 200هەزار کەس تێپەڕی، سەرتیپ رەزا زارعی فەرماندەی سەرکوتکەری هێزی ئینتیزامی شاری تاران رایگەیاند کە 1410 کە گیراون و 113454 کەسی دیکەش خراونەتە بەر لێپرسینەوە.

بە پێی راپۆرتی ئاژانسی حوکومی ئیرنا لە پارێزگای خوزستان 36 هەزار کەس دەستگیرکراون ئەم دەستگیرکردنانە زۆرتربە بیانوی کەم و کوڕی لە خۆپۆشتنی ناشیاوی ژنان بووە. لە پارێزگای مازەندەران 43000 کەس بە تاوانی ناتەواوی پۆشاك و 38000 کەسیش بەبیانووی ئازار دانی خەڵك دەستگیرکراون.